بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگری سەربازی لە بەغدا تۆمەتبارێکی دەستگیر کرد

ئەمڕۆ چوارشەممە، بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگری سەربازی دەستگیرکردنی تۆمەتبارێك کە خۆی وەك ئەفسەرێکی پلە باڵای سەربازی لە بەغدای پایتەخت ڕاگەیاند.

بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگری سەربازی لە ڕاگەیەنراوێکدا بڵاویکردەوە، لە ڕێگەی ئۆپەراسیۆنێکی هەواڵگرییەوە، بە پشتبەستن بە زانیاریی دروست، بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگری سەربازی توانی تۆمەتبارێك کە خۆی وەك ئەفسەرێکی سوپای عێراقی نیشانداوە و پلەو پایەیەکی بەرزی هەیە کە ئەویش پلەی سەربازی لیوا بوو لە پایتەختی بەغدا دەستگیربکات.

ئاماژەی بەوەشکرد، "کەسی داواکراو فێڵی لە هاوڵاتیان کردووە بە پەرەپێدانی مامەڵەی دامەزراندن لە وەزارەتەکانی دەوڵەت لە بەرامبەر بڕە پارەیەکدا، جگە لە دەرکردنی ناسنامەی ساختەی جۆراوجۆر بۆ ژمارەیەك لە بەڕێوەبەرایەتییەکان، مامەڵەی دامەزراندن، ناسنامەی ساختە، دەفتەری ڕێگەپێدان، و ئەوانی دیکە، ئاماژەی بەوەشکرد کە تۆمەتبار ڕەوانەی دەسەڵاتی دادوەری دەکرێت بۆ ئەوەی ڕێوشوێن بەرامبەری بگیرێتەبەر.